# حەمە غەفور و حەمە سەعید، نموونەی نووسەرانی بیٚ سەرمایە!

سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم

دادگای لاهای، لە لایەکەوە، دادگایەکی ناشەرعییە، چونکە تا پارساڵیش، 60 دەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیمزایان لەسەر نەکردووە، و لەولایشەوە، تاکە یەک ڕیٚکخراوی کۆمونیستی، چەپ یان ئۆمانیستی لە ئۆرووپا نییە، پشتگیری لەو دادگایە بکەن. ئەو دادگایە لە باشترین حاڵەتدا، دادگای ئەنجامدانی بڕیارەکانی دەسەڵاتی یەکجەمسەری جیهانە، کەچی بەرپرسیٚکی(حککا)بەناوی مەحمەد غەفور، بە بیٚ ئەوەی ئاگای لە ڕۆڵی دادگای لاهای بیٚ، دەنووسیٚ: (گوشارهیٚنان بەشیٚوەی جۆراوجۆر بۆ تەسلیم کردنی سەددام و زومرەکەی بە دادگای نیٚونەتەوەیی، هەنگاویٚکی عەزیمە لە ڕاستای کردنەوەی گریٚ کویٚرەی حوکمی هتلەری 35ساڵەی سەددام و ڕژیٚمەکەی...).

هەموومان دەزانین کە ئەو داخوازییە، تەنها داخوازی ساجیدە و ڕەغەد و پاریٚزەرەکانی سەددام و هەموو ئەوانەی دەیانەویٚ پیٚستی سەرانی فاشیست لە بڕیاری ڕەوای قوربانییەکان، قووتار بکەن. ئەی مەحمەد غەفور لە ڕیزی ئەم بەرەیە چی دەکا؟ "عەزەمەتی" دادگاییکردنی سەددام لە لاهای، لەچیدایە؟! ئاخر دەکریٚ وەهمی دادپەروەری بۆرژوازی، بە کاریٚکی عەزیم دابنریٚ و بەناوی چەپەوە بە خەڵک بفرۆشریٚ؟

هەنگاوە عەزیمەکەی مەحەمەد غەفور کە نە بەعسییە و نە فیدایی سەددامە، خزمەت بەو بەرەیە دەکا.

مەحمەد غەفور لە پەرەگرافیٚکی دوورودریٚژدا، لایەنیٚک لە هەڵوٚیستی درووستی مارکس و ئەنگلس و لینین لە بارەی کیٚشەی نەتەوایەتی پیشانداوە، بەڵام بە خۆی ئەم بۆچوونەی نووسیوە: (...بەڵام ئیٚستا ئیتر ناسیونالیزم ئەو دەورونەخشەی نەماوە و بە گویٚرەی مەنتیق بزووتنەوەیەکی سەرتاپیٚ کۆنەپەرەستانە و دژی ئینسانییە و لەهەر لایەکەوە بۆی بڕوانیت، فاشیزمی لیٚئەچۆڕیٚ و ئینسانەکان ئەکات بە گژی یەکدا و ڕق و کینە و دوژمنایەتی ....).

هەڵوٚیستی مارکس و ئەنگلس لە گەڵ پیٚکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەڵمانیا، ئیتالیا بوون، و ئەوپەڕی سمپاتی، پشتگیری و لایەنگیریان کردووە لە ڕزگاری وەڵاتی داگیرکراو و گەلی ژیٚرەستی ئیرلەندو پۆڵەند...هتد. هەروا لەپاش سەردەمی هاوڕیٚ لینین، دریٚژە بە ڕابەرایەتی، بەشداری یان پشتگیری کراوە لە دەیان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان، بۆ نمونە ڤیٚتنام، لاوس، نیکاراگوا، کوبا، نامبیا، فەلەستین و...هتد. ئایا خەباتی ئەو گەلانە لە پیٚناو ڕزگاری نیشتیمانەکانیاندا، سەرتاپا کۆنەپەرەست و دژی ئینسانی بوون؟ مەحمەد غەفور هەر چۆن لە خۆڕا، برادەریٚک بەناو خەتاب سابیر بە فاشیست لە قەلەم دەدا، ئەوەها لە دادگای لاهای دەدویٚ!

تا سەرمایەداری دەسەڵاتدار بیٚ و سیاسەتی ئیمپریالیستی پەیرەو بکا، گەلانی ژیٚردەست و کۆلۆنیالیکراو هەیە و دەبیٚ و کۆمونیستەکانیش ئیمڕۆ وەک ڕابردوو، پشتگیری لە خەباتی ڕزگاری ئەو گەلانە دەکەن.

کۆمونیستییەکەی مەحمەد غەفور، وەک کۆمۆنیستییەکەی حەمەسەعیدە. سەححاف یەک دیٚڕی مارکس و ئەنگلسی بۆ کوردی وەرگیٚڕاوە، ئەوەش بە هەڵە.

مارکس/ئەنگلس بەم شیٚوەیە کۆتایی بە مانیفیٚستی کۆمۆنیستی دەهیٚنن: (پرۆلیتاریا لە کۆت و پیٚوەندی بەولاوە هیچی نییە لە شۆڕشدا لە کیسی بچیٚت، لە ئەنجامی شۆڕشدا تەواوی جیهانیٚک قازانج دەکات...)

حەمە سەعید ئەو دیٚڕە ڕوون و ئاسانە بەم شیٚوەیە وەردەگیٚڕیٚ: (پرۆلیتاریا، ئەگەر شۆڕش بکا، چی هەیە تا لە کیسی بچیٚ، بیٚجگە لە کۆت و پیٚوەندەکانی؟)-سەرچاوە: نووسەری بیٚ سەرمایە، لاپەڕەی 2، سایتی دەنگەکان-

ئەجا بەو ئاستە"بەرزەوە"، سووکایەتی و گاڵتەجاڕی بە خەڵک دەکا، تەنانەت لە(شیٚرکۆ بیٚکەس)یش دەرووەزی وەڵامدانەوە دەکا!

بە کوردی و بە کورتی: لە حەمە غەفورەوە بۆ حەمە سەعید، لە سەربازیٚکی دادگای لاهایەوە بۆ نووسەریٚکی بیٚ سەرمایە، خویٚنەری کوردزمان، بەرەو کویٚرەوەری دەبریٚ! .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com